www.kurdistannet.org
28-5-2006 14:23 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## بۆبەرێز کاک ڕەنج سەنگاوی (دەربارەی چاوی سێ یەم) ... باوکی هەڵۆ گەرمیانی

7-جۆزەردان-2706ك

هەمووکوردوستانیەکی دلسۆز بەخاك وخوێنی شەهیدان پێ خۆشحالی دەرئەبرێ بەرامبەر ئەو بەرنامە قەشەنگ وپیرۆزەی بەرێزت وەهیوا دەخوازین کە کەسێك نیەتە پێش رووت وچرای روناکی ئەوبەرنامیە بکوژێنێ تەوەو جەماوەری کوردوستان ئاگاداری زۆر لە روداوەکان نین کە رووی داوە و زۆر لە لێپرسراوان جەماوەریان دەم کوت کردوەو چاویان کویر کردوون بەهۆی ئەو (قانون) یاسایانەی خۆیان دایان ناوە بۆ بەرژەوەندی خۆیان و پاراستنی گەندەلی و سامان و سەروت و کورسیەکانیان وەبە پێی رۆژگار ئەو یاسایە لێ ئەدەن هەروەك ئامێرێکی مۆسیقا کەپێی ئەوترێ ((قانون)) کە هەرجاری بە جۆرێ دەنگێك دەرئەکات بۆ ئەو گۆرانیەی بۆی لێ ئەدەن؟هەروەها ئیستاش لە هەموو وولاتانی رۆژهەلهات یاسا بەئارەزووی خۆیان و بەپێی ئەو دەسەلاتەی فەرماندەی ئەکەن ئەی گۆرن و بەجۆرێ بەکاری ئەهێنن و خالێ بۆ دائەنێن بۆئەوەی سود بەخش بێ بۆ خودی خۆیان، خۆ ئەگەر هاولاتیەك هاوار بکات وبرگەی ئەو یاسایە داوابکات بەجۆرێ وەلامی ئەدەنەوە کەسودبەخش بێت بۆخۆیان ودەسەلاتەکەیان؟ وەئیستاش لەکوردوستانی ئێمەدا هەمان جۆر یاسا پەیرەو ئەکرێت وەئەو یاسایانەی دانراوە و لەلایەن پەرلەمانی کوردوستانەوە پەسەند کراوە ئەتوانم بلێم بریتیە لەهەمان یاسا چونکە دەنگ دان لەپەرلەمانی کوردوستان پەیوەستە بە بریاری هەردوو پارتی سەرەکی بەتایبەت ئەو یاسایانەی لەدروست بوونی ئیدارەی کوردوستانەوە تا دامەزراندنی کابینەی پێنج هەم وەهەندێ یاساهەیە دانراوە لە مل ملانەی دووئیدارەکەی کوردوستان بۆ پەرژەوەندی ئەو دەسەلاتەبوو کەئیدارەکەی ئەبرد بەرێوە وەئێستاش پەیرەو دەکرێت. وەئیستاش ئەو بەرنامەیەی بەرێزت بەس بەتەنها بەرێزت خاوەنی نیت بەلکو هەمووکوردوستانیەك دلسۆز بەخاکی کوردوستان وخوێنی شەهیدە سەربەرزەکانمان کە ئەم رۆژەیان بۆ بەرێزت هێنایە دی بۆئەوەی بەسەربەرزی بتوانی بەرنامەیەکی وا پێش کەش بکەیت و وەهەروەهاش جەماوەر بتوانێ بەسەر بەرزیەوە بەشداریت لەگەل بکات وەخۆیان بە خاوەن ئەو بەرنامەیەدائەنێن بۆیە لەبەرێز هەندێ داواکاری ئەکەین لەگەل هەندێ خالی گرنگ:-

-ئایا کێ پارێزگاری ئەوهاولاتیانە ئەگرێتە ئەستۆ لەروی ژیانیان و ئەو داوا یاسایانەی تۆماری ئەکەن بەرامبەر ئەو هاوولاتیانەلە دادگاکانی کوردوستان وهەندێ یاسا ئەخەنەروو کەسود بەخش بێ بۆخۆیان و بتوانن هاوولاتیانی پێ سزابدەن کەبەشداری لەو بەرنامەیەدا ئەکەن و زۆر کرداری نایاسایی ئەخەنە روو کەلەکوردوستان پەیرەو ئەکرێت بۆ بەرژەوەندی دەسەلات؟ وەروون وئاشکراشە کەیاسا بەدەست دادوەرەوە نیە بەلکو بەدەست لێپرسراوانەوە یە وەنمونەش بۆ ئەم کردگارە ئەوەیە:
گەر داد لەکوردوستان سزا دەرکات بۆ کەسێك کە داواکاری لەسەربێت یاخود فەرمانی دەست گیر کردنی بۆ دەر کرابێ ئەوە لەرێی دەسەلاتی نایاساییەوە بەفەرمانێکی دەسەلاتی ئیدارەیی ئەو سزایە یاخود ئەو دەست گیر کردنە لائەبرێت؟ کە ئەم کردگارە لەهیچ وولاتێك لەسەر رووی ئەم گۆی زەویە پەیروە نەکراوە گەر یاسا سەروەر بێت بەلام لە کوردوستان ووولاتانی رۆژهەلهات دا کە تاکە مرۆڤ یا تاکە حزب سەرکردەیی ئەکات ئەم کارە پەیرەو ئەکرێت؟
وەئەگەر وابێت و وەك حاکم قادر وەلامی تەواویی پێ نەبوو بۆ پرسیارکان جگە لەهەندێ خالی یاسایی کە بۆ بەرژەوەندی دەسەلات دانراوە و وەلامی هاوولاتانی پێ ئەدایەوە بۆنموونە بەخشینی زەووی بۆ خێزانی کاك حەمە جەزا و بەخشینی خانووی میوان داری دەسەلات بۆ لێپرسراوان و زۆرینەی وەلامەکانی رووبەروی سەرۆك وەزیران ئەکردەوە یاخود ئەو سەندیکاو بەرێوەبەری کۆمەلانەی کە

لێپرسراوەكانیان سەربەپارتێكی دەسەلاتی ئەمرۆی كوردوستانن؟؟ كەواتە دەسەڵاتی شارەوانی چیە؟؟؟؟
وەئیستاش حاكم قادر داوای یاسایی تۆمار كردوە بەرامبەر كاك عەتا قەرەداغی وەئەم كارەش ئەبێتە هۆی ئەوەی بەرنامەی
چاوە سێهەم بەرو كزی بروات و رووناكی لەچاوی سێهەم ببرێ؟
- هەمووكوردوستانیان چاوەروانی ئەو بەرنامەیەی بەرێزتن كە دەربارەی دابەش كردنی سامانی كوردوستان رۆژێ لەرۆژان پێش كەشی بكەیت تابزانرێت گەر مووچەو یاخود بازرگانی یەتی یاسایی بۆ هەر لێپرساوێك بخرێتە روو یاخود ژمێریار بكرێت ناگاتە ((1\1000000)) یەك لەسەر یەك ملیۆنی ئەو سامانەی كەئیستا هەیەتی ئەی كەواتە لەكوێی بووووووو؟؟؟؟
-پێویستە دانسشتن لەگەل ئەندمانی سەركردایەتی پارتە سیاسیەكان بكرێت لەرووی سامان یانەوە وەئەو ووتەیەی حاكم قادر بەكار نەیەتەوە كە سكرتێری پارتێك یا لێپرسراوانی پارتەكەی ئەو خانوەیان بۆ بەرهەم هێناوەو بەرێزیشی تیایا جێگیر بووە. بەڵام دایكی شەهیدان و پێش مەرگە دێرینەكان وئەوانەی بەژیانیان پارێزگاری كوردوستانیانن كردوەو وەهەندێ كیان كەم ئەندام بوون و ئیستاش چاوەروانن وە هیچ سكرتێری پارتێك یاخود ئەندامی ئەو پارتە كەدەسەڵات داربێ ئاوریان لێ نادەنەوە بێ جگە لەوانەی كەلای خۆیان دروستە كەواتە ئەتوانیین بلێین بانێكەو هەزارهەوا؟؟؟؟
- بەرێزم ئەتوانی بەشێك لەبەرنامەكەت راستەو خۆبێت بۆ ئەو كەسانەی كە لەوێ بەشدارنین یاخود لە دەرەوەی وولاتن وەلامی تەواویان یاخود روون كردنەوەیەكیان لایە بۆ هەندێ لە و ووەلامانەی لێپرسراوان
ئەی دەنەوە لەكاتی بەرنامەكە (( واتە با زیندی بێت))
-زۆر بە ئاشكرایانە ئەتوانم بلێم با لەلایەن بەرێزتەوە یاخود دەسەڵاتی ئیستای كوردوستانەوە با بەدواچوون هەبێ لەسەر كێشەكان و چارەسەریەكانی ئاشكرا بكرێت بۆ جەماوەر بانەبێتە بەرنامەی بەرنامە هەر بۆكات بەسەربردن و زیاد كردنی پرۆگرامی كوردسات بێ و جەماوەر بۆ پێكەنین باسی لێ بكەن وە ممكنە زۆر كەسیش هەبێ بلێ بەخوا ئەم برنامەیەش بوو بە بەرنامەكانی دی كەی كەنالە ئاسمانیەكان كات بەسەرئەبەن.
لەكۆتایدا هیوای سەركەوتنت بۆدەخوازم وەگەر روون كردنەوەیەكیشت هەبێ بەخۆشحالیەوە چاوەروانی دەكەم؟!.